Coronavirus
COVID-19

# پێکەوە کارکردن
# بۆ هاوکاری ئێوە

## ئامۆژگاری تەندروستی

کاتێك لەگەڵ کەسانێکدایت لە دەرەوەی خێزانەکەت، هەتا دەتوانیت ٢ مەتر نێوانتان هەبێت. ئەگەر پێویست بوو لە خەڵکی نزیك بیتەوە، هەوڵبدە ١ مەتر نێوانتان هەبێت و زۆر مەمێنەوە، یا رووبەڕوو نەبن، هەوڵبدە ماسك بەکاربهێنیت.

بۆ ماوەی ٢٠ چرکە دەستت بە ئاوی گەرم و سابون بشۆ، جێڵی پاککەرەوە بەکاربهێنە ئەگەر نەتتوانی دەستەکانت بشۆیت.

خۆت لە قەرەباڵغی بە دووربگرە، تەنات گرووپی بچوکیش لە شوێنی بچوك دەبێتە هۆی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە.

پێویستە ماسك بەکاربهێنیت کاتێك هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی بەکاردێنیت یان دەچیت بۆ بازاڕکردن.

ئاگاداری نیشانەکان بە: کۆکەی تازەو بەردەوام، پلەی گەرمی بەرز یان گۆڕانکاری لە هەستی بۆنکردن یان تامکردن.

ئەگەر نیشانەکانت تێدایە لە ماڵەوە بمێنەوەو خۆت جیابکەوە، پەیوەندی بکە بە خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی ١١٩ بۆ ئەوەی پشکنینت بۆ بکەن.

ئەگەر بەرنامەی پشکنین و دۆزینەوە پەیوەندیان پێوەکردیت، پێویستە یەکسەر خۆت جیابکەیتەوەو شوێن ڕێنماییەکان بکەویت.

**دەمانەوێت ئاشناتان بکەین بەو پاڵپشتیەی کە لەم کاتەدا لە ناوچەی کێکلیس بەردەستە بۆتان.**
**ئەوەی خوارەوە ژمارەیەك خزمەتگوزاری هاوکارین کە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەردەستە بۆتان، ئەگەر تەلەفۆن بۆ خزمەتگوزاریەکە بکەن، تەلەفۆنتان بۆ دەکەنەوە.**

شارەوانی کێکلیس لەگەڵ دەزگا هاوبەشەکانی هەفتانە پاکێجی زانیاری و چالاکیتان بۆ دەنێرن، هیواداریین لەم کاتە دژوارەدا سودی لێببینن. ئەگەر هەر نیگەرانیەکتان هەیە، پەیوەندی بکەن بە هێڵی بێبەرامبەری یارمەتی کۆچبەران ٠٨٠٨٨٠١٠٥٠٣

ئەگەر وا هەست دەکەیت کە دەزگای یارمەتی کۆچبەران یان دەزگای میەرز ئەو هاوکاریەت پێشکەش ناکەن کە پێویستتە، هەروەها هەوڵیشت داوە گرفتەکانت بگەیەنیت، ئەوا پەیوەندی بکە بە ٠٧٤٢٥٤٤٤٥٦٦ ، خۆیان پەیوەندیتان پێوە دەکەنەوە بۆ ئەوەی وەحدەتان نەڕوات.

هیواداریین باش و سەلامەت بن، تا دەتوانن لە ماڵەوە بمێننەوە، تەندروستیتان بپارێزن و خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانیمان بپارێزن.

**کێکلیس پێشوازی دەکات لە بەرنامە و هاوبەش**

## پەیوەندی گرنگ

**NHS**

جی پی سەنتەری وایت هاوس، سەنتەری تەندروستی ڕۆیاڵ پرینسێس

بۆ بینی دکتۆر لە سەنتەری وایتهاوس، پێویستە پەیوەندی بکەیت بە ٠٣٣٣٠٤٣٦٢٢٤٣ (لە ٨ی بەیانی بۆ ٦ ی ئەوارە ، دوو شەممە تا هەینی). بەبێ مەوعید سەردان مەکە. وەرگیری سەر تەلەفون بەردەستە.

بۆ سەردانی تەندروستی پەیوەندی بکە بە: ٠٣٠٣٣٣٠٩٤٤٠

بۆ خزمەتگوزاری پشکنینی سیل (BT) پەیوەندی بکە بە: ٠٣٠٣٣٣٠٩٨٦٩

سەیربکە بزانە پێویستە ناوت لە سەنتەری وایهاوس تۆمار بکەیت:

**www.gov.uk/government/publications/gms1**

بۆ بینی دکتۆر لە سەنتەری وایتهاوس، پێویستە پەیوەندی بکەیت بە ٠٣٣٣٠٤٣٦٢٢٤٣ (لە ٨ی بەیانی بۆ ٦ یئەوارە ، دوو شەممە تا هەینی).

**DASH**

پەنابەرانی بێلانەی کێکلیس

بۆ کەیسی پەنابەریی، یارمەتی کەسانی بێلانە و ئامۆژگاری خۆشگوزەرانی، تکایە (لە دوو شەممە بۆ هەینی، لە ٩ی بەیانی بۆ ٥ ی ئێوارە) پەیوەندی بکە بە:
٠٧٧٠٢٣٨٢٦٤٧ یان ٠٧٩٢٦٤٥٧٥٩٩

Kirklees
COUNCIL

# پەیوەندی گرنگ

**Volunteers Together**

بۆ ناردنتان بۆ هاوکاری خۆشگوزەرانی و لەشساغی (لە ١٠ی بەیانی بۆ ٤ی ئێوارە، دوو شەممە تا هەینی)، تکایە پەیوەندی بکە بە: ٠٧٨٠٤٨٦٧٥٦٤

**Kirklees Citizens Advice & Law Centre**

بۆ کەیسی پەنابەری و هاوکاری کەسانی بێلانە و خۆشگوزەرانی و ئامۆژگاری نیشتەجێکردن و قەرزداری، تکایە پەیوەندی بکە بە: ٠٣٤٤٨٤٨٧٩٧٠ یان لە ڕێگەی وێبسایتەکەمانەوە پەیوەندی بکە: www.kcalc.org.uk

**Welcome Mentors #kirkleeswelcomes**

خزمەتگوزاری چاودێری پێشوازی لەرێگەی تەلەفۆنەوە، لەوانش خزمەتگوزاری وەرگێرانی زانیاری گرنگ و پوختەی زانیاری و هاوکاری تەندروستی. لەرێگەی تەلەفۆن\کورتەنامە\ واتسئەپ پەیوەندی بکە بە ستێفی بۆئەوەی چاودێرێکی پێشوازیت بۆ بدۆزێتەوە کە بە زمانی خۆت قسە بکات: ٠٧٤٢٥٤٤٤٥٦٦

**#kirkleeswelcomes**

هاوکاری دوای بڕیاری پەنابەریی

خزمەتگوزاری تەلەفۆن بە تەنها: بۆ هاوکاری نیشتەجێبوون و دارایی و دوای بڕیاری پەنابەریی، پەیوەندی بە تیمەکەوە بکە بە ژمارە تەلەفۆنی ٠١٤٨٤٢٢١٠٠٠ و داوای چارەسەی نیشتەجێکردن Housing Solutions بکە.

**Free School Meals** – Are you entitled?

تیمی گەشتووانی بیانی\ خوێندن، منداڵان و لاوان.

بۆ هاوکاری دابینکردنی خوێندن بۆ منداڵەکانت، پەیوەندی بکە بە ٠١٤٨٤٢٢١٩١٩ یان ئیمەیل بنێرە بۆ Ess.inat@kirklees.gov.uk . دەتوانیت ناوت بۆ پاکێجی پشووی قوتابخانە تۆماربکەیت ئەگەر منداڵەکەت تەمەنی ٥ ساڵ یان زیاترە. پاکێجەکە دەنێردرێت و لەبەر دەرگاکەت بەجێدەهێڵدرێت لە دوای ٢١ی تەمموز.

**The Welcome Centre** – food bank and more...

سەنتەری پێشوازی دەتوانێت یارمەتی هەر کەسێك بدات کە دانیشتووی هودەسفیلْد بێت و نەتوانێت خواردن بکڕێت. ژمارە تەلەفۆنەکەمان ٠١٤٨٤٣٤٠٠٣٤ لە دوو شەممەوە تا هەینی لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی بۆ ٤ی ئێوارە کراوەیە، هەر کارمەندێك کە لەگەڵ کەسێك یان خێزانێك کاردەکات دەتوانێت بیاننێرێت بۆ ئەم خزمەتگوزاریە. بۆ ئەو کەسانەی لە باتلی یان دیوزبەری دەژین، دەتوانین زانیاری زیاتریان پێ بدەین دەربارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە هاوکاری پێشکەش دەکەن.

**women Centre**

دابینکردنی هاوکاری دەروونی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوەو لەلایەن چەند گروپێکی سەر ئینتەرنێتەوە بە ژمارە تەلەفۆنی ٠١٤٨٤٤٥٠٨٦٦ لە دوو شەممەوە تا هەینی لە کاتژمێر ٩ی بەیانی تا ٤ی ئێوارە کراوەیە.

**This way for English #kirkleeswelcomes**

وانەی ئینگلیزی لە ڕێگەی زوومەوە

تیمی وانەی ئینگلیزی کۆچبەران بەردەوام پەرە بە کارەکانیان دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین هاوکاری بگەیەننە زۆرترین فێرخواز، لە چوارچێوەی توانای خۆیداو زیاتریش لە ماوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنادا. هەڵسەنگاندنی ئینگلیزی بۆ بەشداربووانی تازە دەکەین لە ڕێگەی ئینتەرنێت یان تەلەفۆن، هەروەها دابینکردنی یەکێك لە وانە بێبەرامبەرەکانی ئینگلیزی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بە گوێرەی ئاستی فێرخوازان. ئەو وانانە چەندین بابەت لەخۆدەگرن وەك قسەکردن و تاوتوێکردن. هەموو بابەتەکان کە لەو وانانەدا بەکاردەهێنرێن بەگوێرەی پێداویستیەکانی سەردەم دارێژراون و ئامرازی پێویستن بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی فرەکلتووری، کە یارمەتیدەر دەبن لە تێکەڵبوون بە بەکۆمەڵگە بەمتمانەوە.

بۆ خشتەی وانەکان پەیوەندی بە سەمیرا و ئەنیتاوە بکە:

**ئاستی ئینگلیزیەکەت دەزانیت؟** لە ڕێگەی واتسئەپەوە پەیوەندی بە مامۆستا سەمیراوە بکە کە لە ڕێگەی بەرنامەی زوومەوە وانە دەڵێتەوە، ژمارە تەلەفۆن ٠٧٧٧٦٥٨٨٦٩٨ بۆ لینکی وانەی زووم.

**ئاستی ئینگلیزیەکەت نازانیت؟** پەیوەندی بە ئەنیتاوە بکە بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٧٤٢٥٤٤٤٠٨٠ یان سەردانی ئەم لینکە بکە:

https://tslkirklees.org.uk/covid19-supportfor-migrants/